








# تەرزە بەرزنجی: لە فیستیڤاڵی هەولێ

**•تەرزە سلیق بەرزنجی، لەسەید سادق لە دایکبووە و ئێستا دانیشتووی سلێمانیە، قوتابی قۆناغی سێیەمی بەشی سینەمایە لە زانکۆی سەلاحەدین، لە فیلمی هەناسە خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەتی پێ بەخشرا و بەشداری کرد لەو فیستیڤاڵەی لە هەولێر سازکرا، بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە چەند پرسێکی سینەمایی ئەم دیدارەمان لەگەڵ تەرزە ئەنجام دا.•**

*** بەدەر لەوەی کە خۆت یەکێك بووی لە سەرکەوتووەکانی سێیەمین فیستیڤاڵی کورتە فیلم، هەڵسەنگاندنت بۆ فیستیڤاڵەکە چۆنە؟**

- سازکردنی فیستیڤاڵی لەو جۆرەدا کارێکی زۆر پێویستە، چونکە زۆربەی ئەوانەی لەبواری سینەما کار دەکەن، ئیشیان هەیە، بەڵام شوێنێکی وا نییە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، بۆیە فیستیڤاڵێکی لەو شێوەیە بکرێت زۆر باشە، فیستیڤاڵەکە لایەنی ئیجابی و سلبی هەبوو، ئەوەش ئاساییە لەبەر ئەوەی زۆربەی فیستیڤاڵەکان لایەنی سلبی و ئیجابیان هەیە. زۆر فیلم هەبوو لە فیستیڤاڵەکەدا هی ئەوە نەبوو کە پیشان بدرێت، ئەوە دەڵێم و لەیەکەم رۆژیشەوە وتوومە.

*** ئەوە سێیەم فیستیڤاڵە ئەنجام دەدرێت، زۆربەی خاڵە سلبیەکانی لە فیستیڤاڵەکانی پێشوو هەستیان پێ دەکرا دووبارە دەبنەوە، پێتوایە هۆکەی چییە؟**

- رەنگە بەهۆی تێنەگەیشتنی ئەو کەسانە بێت لە سینەما، ئەوانەی کە فیلمەکان هەڵدەبژێرن، لەوانەیە تەنیا ئەو هۆیە بێت.

*** بەڵام ئەوانە خۆیان بە پرۆفیشناڵ دەزانن لە بواری سینەمادا؟**

- بەڵێ پرۆفیشناڵن، بەڵام رەنگە بە رادەیەکی وا پرۆفیشناڵ نەبن کە هەڵسەنگاندنێکی جوان بۆ فیلمێك بکەن.

*** زۆر لە سینەماکارانی هەولێر و سلێمانی رەخنەی ئەوە دەگرن کە دەڵێن زیاد لە پێویست گرنگی بە رۆژهەڵات و ئێرانییەکان دەدرێت؟**

- ئەو گرنگیدانە لەشوێنی خۆیەتی و مافی خۆیانە، بەڕاستی کاری زۆر جوان دەکەن، بەڵام گرنگی دراوە بە فیلمی باشووری کوردستانیش نەك پەراوێز خرابێت، لەو فیستیڤاڵەدا بۆ نموونە چەند فیلمی رۆژهەڵات بەشداربووە، ئەوەندەش فیلمی باشوور بەشدار بووە.

*** تا ئێستا لەکوردستان بەشێوەیەکی زانستی سوود لە سینەمای رۆژهەڵاتی کوردستان وەرگیراوە؟**

- نەخێر بەشێوەیەکی زانستی سوودی لێ وەرنەگیراوە، ئێستا ئێمە قوتابی هونەرە جوانەکانین بەشی سینەما، شتێکی وا نییە لەسەر سینەمای رۆژهەڵات کە بیخوێنین، بەڵام بۆ دەرەوە زۆر لە سینەماکاران سوودی





# ـــر زۆر فیلم نمایشکران کە شایەنی نمایشکردن نەبوون

لێ وەردەگرن، بەڵام بەشـــێوەیەکی لاسایی کردنەوە.

*** چەندساڵێکە بەشی سینەما کراوەتەوە، پێتوایە وەك پێویست گرنگی پێدراوە؟**

- نەخێـــر گرنگی پـــێ نـــەدراوە، بینای کۆلێژەکەمان باش نییە. پێش ئێســـتا داوا کرا فیستیڤاڵێکی تایبەت بە بەشی سینەما هەبێـــت بۆ ئـــەوەی خەڵك بزانێت بەشـــی سینەما چییە، بەڵام کەس بایەخ بەو قسانە نادات.

*** ئێـــوە هەندێـــك قوتابـــی بەنیـــازی دروستکردنی فیلمێك بوون، چارەنووسی ئەو فیلمە بەکوێ گەیشت؟**

- نزیکەی پێنج ســـاڵە بەشـــی ســـینەما کراوەتەوە لەو کاتەوە تا ئێستا قوتابی خۆی ئیشـــەکانی خۆی بەشـــێوەیەکی زۆر جوان و ئەکادیمـــی ئەنجـــام دەدات. ئەگەر بێن دەزانن توانای بەشی سینەما چەندە، بەڵام چارەنووسی ئەوانە چی لێدێت ئەوە نازانم، لەم فیستیڤاڵەدا بە دوو فیلم بەشدار بووین، بەڵام هیچیان لەپێشبڕکێیەکەدا نەبوون.

*** پێوەندیتـــان چۆنـــە وەك قوتابی لەگەڵ سینەماکارانی کورد؟**

- ئەوانە تا ئێستا هاوکاری بەشی سینەمایان نەکردووە، بەڵام هاتوون سەردانیان کردووین، باســـی ئەزموونی خۆیان کردووە، بەهمەنی قوبـــادی و شـــەوکەت ئەمیـــن هاتن بۆ ئێرە باســـی ئەزموونی خۆیـــان کرد و کاك شەوکەت فیلمێکی خۆی نمایش کرد، بەڵام وەکو یارمەتی، هەتا ئێستا هیچ هاوکاریان پێشکەش نەکردووین.

*** هەندێك کـــەس دەڵێن لەدابەشـــکردنی خەڵاتەکاندا نایەکسانی هەبوو؟**

- نەك هەر لە فیســـتیڤاڵدا، ئەگەر فیلمێك لەدەرەوە خـــەڵات بکرێت، ئەگەر ئەکتەرەکە خەڵاتەکـــە بباتەوە یان سیناریســـتەکە یان مۆنتێرەکە ئەوا ئەوانی دیکە گلەیی دەکەن، وا هەست ئەکەن زوڵمیان لێکراوە، لە هەموو فیســـتیڤاڵێکدا ئەوە هەیە، بەڵام سەبارەت بـــەوەی تاچەند خەڵاتەکە بە شـــێوەیەکی دادوەریانە دابەشـــکراوە، ئـــەوە دەگەڕێتەوە بۆ لیژنە، ئەوە مافی لیژنەیە ئەو کەســـانە دەستنیشان بکات کە خەڵات دەکرێن.

*** ئەوە ســـێیەم فیســـتیڤاڵ بوو، پێتوانییە وا باشـــتر بێت کاتێکـــی دیاریکراو هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو فیســـتیڤاڵە بۆ نموونە ساڵانە کاتێك دیاری بکرێت بۆ ئەوە؟**

- باســـی ئەوەم کردووە کە پێویســـتە چەند فیســـتیڤاڵێك ســـاڵانە بکرێـــن تایبەت بە سینەما نەك تەنیا فیستیڤاڵێك، لە سلێمانی فیستیڤاڵی تایبەت بە لاوان و فیستیڤاڵی گشتی سینەما هەبوو، نازانم ئێستا ئەوە ماوە یان نا، بەڵام زۆر پێویســـتە فیستیڤاڵێکی ساڵانە هەبێت تایبەت بە سینەما.

*** وەك قوتابیەکی بەشی سینەما پێتانوایە دەتوانـــن شـــتێك بکەن بـــۆ خزمەتکردنی سینەمای کوردی؟**

- بەدڵنیاییەوە زۆر هیوا هەیە لەو قوتابیانەی لێرە دەخوێنن، دەتوانن سوودێکی زۆر گەورە و باش بە ســـینەمامی کوردی بگەیەنن بە شێوەیەکی ئەکادیمی.

*** ئەگەر هاوکاری نەکران؟**

- دەبێت لەماڵەوە دابنیشن، بەبێ هاوکاری ناتوانین کارەکانمان ئەنجام بدەین.

*** ســـینەمای نەتەوەیی چۆن دەبینی و تا چەند پێویستە؟**

- پێـــم وایە ئـــەوەی لـــەدەرەوە دەکرێت تا رادەیـــەك خراپ نییە، بەڵام زۆر بە هیوام ئەوەی ئێســـتا خراپە دواتر بەباشی بکرێت، زۆر هیـــوام بە قوتابیەکانـــی ئێرە هەیە کە بتوانـــن کاری زۆر جوان بکـــەن نەك وەك کەســـانێك کە نـــە کارەکانیـــان جوانە و نە لێیان تێدەگەیت، بەهیوام بتوانین بە جوانی و بە پوختی پەیامی ســـینەمایی خۆمان بگەیەنین.

*** رۆلی کورتـــە فیلم چییە بۆ هەنگاونان بەرەو دەرهێنانی فیلمی درێژ؟**

- ســـەرەتای هەمـــوو دەرهێنەرێك ئەگەر بە کورتە فیلم بێت زۆر باشـــترە لەوەی بە فیلمی درێژ دەست پێ بکات، لەبەر ئەوەی ئەزموونی زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوەی کورتە فیلم یارمەتیدەرە بۆ فیلمی درێژ.







# خەڵاتەکانی میوزیک ئەوارد بۆ ساڵی ٢٠١٠

## ئەلیسا بۆ جاری سێیەم بووە باشترین گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لای هەموولایەك ئاشكرایە، خەڵاتەکانی میوزیك ئەوارد كە ساڵانە لە مۆرتیكالۆی فەرەنسا دەبەخشرێتە باشترینەكانی هونەری میوزیـــك و گۆرانی، گەورەترین خەڵاتە بۆ هونەرمەندانی ئەو بوارانە، ئـــەو هونەرمەندەی ئەو خەڵاتـــە وەردەگرێـــت جێگەیەكی پڕشنگداری دەبێت لە هونەری گۆرانی و بـــە هونەرمەندێكـــی جیهانی ناوزەند دەكرێت.



خەڵاتـــی میوزیك ئـــەواردی ٢٠١٠ تا یبە تمە د ییە كـــی تایبەتـــی خۆی هەیە، ئە مە ش لەبەر ئەوەی كە ساڵی پار ئەم خەڵاتە نەبەخشـــرا، كە ئەمە بـــۆ یەكەمجارە ڕوویـــدات لە مێـــژووی دامەزراندی ئەم خەڵاتـــە، هەربۆیە چاوی جیهان بەشـــێوەیەكی تایبەتی تر لەسەر ئەم ئاهەنگی دابەشكردنی خەڵاتانە بوو.

جێنیفەر لۆپێزی ئەكتـــەر و گۆرانیبێژی جیهانی خەڵاتی كەســـایەتی ئەفســـوناوی هونەری وەرگرت، كە ئەمە گرنگترین خەڵاتە، بەشێوەیەكی گشـــتی ئەلبوومی (poker face) ی گۆرانیبێـــژ لادی گاگا، خەڵاتـــی باشـــترین ئەلبومـــی وەرگرت، گۆرانییەكی ئەو ئەلبومەش بەباشترین گۆرانی دەستنیشان كرا، ئەمەی خوارەوە گرنگترین خەڵاتەكانـــی میوزیـــك ئەواردە:

باشترین گۆرانیبێژی ئەفەریقا: ئاكـــۆن، ئەمریكا: لادی گاگا، ئاسیا: نامی ئامورا، كەنەدا: میشێل بوبل، فەڕەنسا: داڤید گویتا، ئەڵمانیا: گروپی رامســـتێن، ئیتاڵیـــا: تیزیانۆ فێـــررۆ، ئەمریكای لاتین: شاكیرا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ئەلیسا







## بریتنی دەیەوێت لاشەكەی مۆمیا بكەن



گۆرانیبێژی پۆپی ئەمەریكـــی "بریتنی ســـپێرز"ڕایگەیاند كـــە وەســـیەتم كردووە لە دووای مردن لاشەكەم بخەنە بەفرگرێكی گەورەوە، تاوەكو وەك خۆی بمێنێتەوە، چونكە ئەمە هیوای زیاترم دەداتێ كەوا جارێكی تر زیندوو دەبمەوە. ئەمەش لەوەوە دێت كەوا سپێرز بڕوای وایە هەر لەدونیادا كەســـە گەورەكان جارێكی تر ژیان بەســـەر دەبەنەوەئەمەش لە دووای مردنیان.

## "٢٥٪ ی سەركەوتنەكانم پێوەندی بەخواوەیە"



گۆ ر ا نیبێـــژ ی مەغریبـــی "مونـــا ئەمرشا" لە لێدوانێكدا ڕایگەیاند، كە ٥٠٪ ی سەركەوتنەكانی بەهـــۆی لێهاتووی خۆیەتـــی، و ٢٥٪ بەهـــۆی هاوكاریەكانی گۆرانیبێژی خەلیجی ڕاشد ماجدەوەیە، بەشـــی خوای گەورەش هەر بەقەدەر ڕاشد- ـە كە ٢٥٪ـە.

جێی باســـە لەســـەرەنجامی ئـــەم لێدوانە هەڵلایەكی زۆری لەسەر كرا، تاوەكو ناچار كرا ڕێژەی خوای گەورە زیاد بكات بۆ ٧٥٪.

## لە سعودیە ئافرەت چووە سەر شانۆ



بۆیەكەمجـــار لـــە مێژووی عەرەبستانی ســـعودیە، زانكۆی مەلیـــك ســـعود لە ریـــازی پایتەختی ئەو وڵاتـــە، ڕێگەی بەوەدا یانەیەكی شانۆ دابمەزرێنێت بۆ ئافرەتان، بـــۆ ئـــەوەی تێیـــدا بتوانن پشـــكێكیان لەو هونەرە بەر بكەوێت كە چەند سەدەیە لە جیهاندا باوە. جێی ئاماژەیە بینینی ئەم نمایشانە تەنیا بۆ ئافرەتانە.

DreamWorks

# Shrek Forever After





## کورتەیەک لەسەر فیلمی یەکەمی ئەم هەفتەیە

# "شرێک بۆ هەتا هەتایە" لەپێشکەوتنەکانی بەردەوامە





فیلمی "Shrek Forever After" شـــرێك بۆ هەتاهەتایە، کە بەشی چوارەمی زنجیرە فیلمە ئەنیمەیشنەکانی شـــرێك-ـە، توانی بە زیاتر لە ٧١ ملیۆن دۆلار پلەی یەکەمی ریزبەندی بۆکس ئۆفیســـی ئەم هەفتەیەی سینەماکانی ئەمریکا بەدەست بێنێت. بەشی یەکەمی فیلمی شرێك لە ساڵی ٢٠٠١ بەرهەمهێنرا، ئەوکات توانی ئەنیمەیشـــن هەنگاوێك بەرەو پێش ببات و بەرەو قۆناغێکی تری ببات، هەربۆیە لەو کاتەوە هەر بەشـــێکی فیلمی شرێك دەربچووایە، رەخنەگران لەپێشـــدا ورد دەبوونەوە، بزانـــن چ داهێنانێکی لە جیهانی ئەنیمەیشـــندا کـــردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین شـــرێك قوتابخانە و رێچکەیەکی تایبەتی ئەنیمەیشـــنە. بەشـــی چوارەمی فیلمی شرێك وەك هەریەك لەبەشەکانی تری فیلمەکە بەشێوەی سێ رەهەندی دروستکراوە، بەڵام لەم بەشەدا وردەکاری زۆرتر بەکار هاتووە کەمیش وەك بەشەکانی تری پێشخۆی هەنگاو هاویشتنێکی لەجیهانی ئەنیمەیشن لەخۆ گرتووە، بە سیســـتەمی HD گرتەکانی دروستکراوە.

فیلمەکە لەدەرهێنانی "مایك میشێل"ـە و گەورە ئەســـتێرەکانی هۆلیۆد "مایك مایرز، کامیرۆن دیـــاز، ئەنتۆنیۆ باندێراس، جۆلـــی ئەندرۆز" دەنگەکانیان لەسەر تۆمار کردوون.




# Top 5 Movie actor

## باشترین ئەکتەری هەڵبژێردراوی جەماوەر لەم مانگە

## نەریمان عومەر بۆ گوڵان :

# دەبێت هەر کارێکی نوێ لە سەر بنەمای خزم

**●نەریمان عومەر ساڵانێك لە خزمەتی هونەری كوردیدا بوونی هەبوو، بەڵام بە مەرجی ئەوەی لە كوردستان دادەبرێت و لە تاروگە ژیان دەگوزەرێنی، بۆیە ناوبراو تا رادەیەك لە بەرهەمی نوێ دادەبرێت و تەنها لە بۆنە نیشتمانی و ئاهەنگەكانی رەوەندی كورد لە ئەوروپا بەشدارییەكی باشی دەبێت، نەریمان عومەر لە بنەماڵەیەكی هونەر دۆستی سلێمانی هاتۆتە دنیاوە و برای هەردوو هونەرمەندی ناوداری كورد (كامەران عومەر و سامان عومەر)و برا بچكۆلەكەشی بەناوی سۆران بە هەمان شێوە لەو بوارەدا بوونی هەیە وئێستا بە سەردانێك لە كوردستانە، گوڵان بە دەرفەتی زانی لە سلێمانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز بكات، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە بۆ پرسیارەكانمان هاتە ئاخاوتن. لە سەرەتادا هونەرمەند نەریمان عومەر بەم شێوەیە بۆمان هاتە ئاخافتن و وتی "لە ساڵی ١٩٧١ لە گەرەكی مەڵكەندی شاری سلێمانی لە دایك بووم، لە ساڵی ١٩٩٢ یەكەم بەرهەمم بە ناوی بۆ دەرۆی تۆماركرد كە ئاوازی خۆم و هۆنراوەی هونەرمەند (میدیاحسین )ە، دەسپێكی كاری هونەریم لەو كاتەوە بوو كەوا بە كۆرس بەشداری كاری هونەری هونەرمەند كامەران عومەرم دەكرد، وەكو بنەماڵەكی خزمەتكاری هونەر لە ژێر كاریگەری هونەرمەند كامەران درێژەمان بە خزمەتكردنی هونەری گۆرانی دا، ئەوە بوو لە دوای هونەرمەند كامەران عومەر من لە بوارەكەدا ناسرام و دوای منیش هونەرمەند سامان عومەر لە بوارەكەدا دەركەوت و پاشانیش سۆران عومەری برامان، هیواداریین وەكو هەر چوار براكە خزمەتێكی باشمان بە هونەری كوردی گەلی كورد كردبێت.●**

**سۆران مارف کەریم**



*** ئەو دەنگ خۆشییەی ئێوە لە باوکتانەوە ماوەتەوە یان چی؟**

- ئەو بەهرەییە لە مامانەوە بۆ مان ماوەتەوە، حەمە عەلی مامان زۆر دەنگی خۆش بوو، لەگەڵ کامەران عومەردا موناف‌س بوون بۆ دەنگ خۆشی.

*** تا چ رادەیەك ئەداتان لە یەكەوە نزیكە، بەڵام هەر چوار براكە ستایلی جیاواز جیاوازتان هەیە بەتایبەتی تۆ، پرسیار ئەوەیە چۆن توانیووتە لە ژێر كاریگەری ستایلی هونەرمەند كامەران عومەر دەربچیت لە كاتێكدا ئەو كاریگەری راستەخۆی لە سەر هونەرمەندبوونی تۆ هەبووە؟**

- دەبێت هونەرمەند خاوەنی ستایلی خۆی بێت، تاقیکردنەوەی هەبێت، دەبێت ئاگامان لە هونەری کوردی بێت خەوشی تێنەچێت، دەبێت هەر کارێکی نوێ لەسەر بنەمای خزمەتگەیاندن بە هونەری رەسەنی کوردی بێت، ئەگەر وا بێت بێگومان نوێکاری دەبێتە هۆی پێشکەوتنی هونەری کوردی.

*** تا چەند ئێوە براکان (سامان و کامەران و نەریمان) سوودتان لە تەجروبەی هونەری یەکتر بینیوە هەستە هونەرییەکانی خۆتان چۆن ئاڵوگۆڕ کردووە؟**

- لە چەندین کۆنسێرت هونەرمەند(سامان عومەر )گۆرانیەکانی منی گوتۆتەوە، زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە لە راستیدا سامان دوورە لە ریتمی خێرا، زیاتر گۆرانی خاو و عاتفی و مەقامات دەچڕێ.

*** ئایا کە ئەو گۆرانییەکی تۆی وتۆتەوە توانیوویەتی سەد لە سەد حەقی خۆی بداتێ؟**

- ئەگەر سەد لە سەد حەقی خۆی نەدابێتی ئەوا ناخۆشیشی نەگوتۆتەوە.

*** سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان کۆمەڵێك گرووپی میللی لە سلێمانی کاری باشیان پێشکەش کرد بە بەراورد لەگەڵ ئێستا ئاستی کاری ئەو تیپانە چۆن دەبینیتەوە؟**

- لە راستیدا ماوەی زیاتر لە سیانزە ساڵە کوردستانم بە جێهێشتووە و رەنگە زۆر لە ئەنجامی کارەکانی ئەوان نەزانم.

*** ئەی سەبارەت بەو بەندێژ و پیاهەڵدانانە چی دەڵێیت کەوا ئێستا هونەری کوردی قۆرخ کردووە؟**

- ناتوانم قسە لە سەر ئەم بابەتە بکەم، چونکە رەنگە کەسانێك هەبن ئەمەیان پێخۆش بێت و جەماوەر دواجار بڕیار لەسەر کاری جددی دەدات.

*** عەشق ئامادەبوونێکی بەردەوامی هەیە**

# ـــــەتگەیاندن بە هونەری رەسەنی کوردی بێت

**لە پشت هەر کارێکی جوان و جددییەوە، ئەی لە وجود پێتوایە هونەرەکەی تۆ عیشق مەهامی خۆی هەبووە؟**

- بێگومان عەشق نەبێت نە گۆرانی نە مۆسیقا بوونی نابێت، عەشق نەبێت ژیان هیچ بەهایەکی نییە، منیش وەکو هەر تاکێك عەشق لە ژیانمدا وجودی هەبووە.

*** ئەی ژیانی هاوسەرێتیت چۆن دروست کردووە؟**

- هاوسەرەکەم ئامۆزای خۆمە بە عەشق ژیانی هاوسەرێتیمان پێك نەهێناوە، بەڵام ئێستا خێزانەکەم لای من زۆر ئازیز و خۆشەویستە، هەرچی بڵێم ناتوانم گوزارشت لە خۆشەویستی ئەو بکەم، سێ منداڵیشمان هەیە بە ناوەکانی (شاکێو. شاکار. شکۆ).

*** ئەی ئەو بەرهەمەت کامەیە کە عەشق لە پشتییەوە وجودی هەیە؟**

- ئەوەی گوتوومە، گەیاندنی پەیامێکی گەنجە و زۆرجار گوزارشت بووە لەو عاتیفەیەی کەلە ناخی هەر گەنجێکدا هەیە، ئەوەی من بەرجەستەم کردووە خستنە رووی ئازارەکانی ئێوەی گەنج بووە، مەرج نییە هەمووی ژیانی خۆم بێت، مەرج نییە کە باسی عەشق دەکەم تەنیا خۆشەویستی رەگەزی بەرامبەر بێت، بەڵکو خۆشەویستی خاك و دایك و هەموو ئەو کەسانەیە کەوا ژیان لەیەکتری دووری خستنوونەتەوە.

*** پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی هەموو بەشەکانی هونەر چڕ کردۆتەوە، بۆ کلیپیش بە هەمان شێوە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئێمەی کورد لە پاڵ ئەو پێشکەوتنەدا توانیومانە هونەری رەسەنی کوردی پارێزراو بکەین؟**

- دەتوانم بڵێم ئەمە لە چاو ساڵانی رابردوودا سەد لەسەد رۆڵی هەبووە، جاران کارێکمان کلیپ دەکرد بە کامێرایەکی ١٠٠٠ ملمی، بەڵام ئێستا چەندین ئامێری پێشکەوتوو لە خزمەتی هونەری کلیپدایە، یەکەم بەرهەمی خۆم لە ساڵی ١٩٩٢ وێنە گرتووە کە کاك مەریوان عبدوڵڵا وێنەی کارەکەی بۆ گرتم و دەتوانم بڵێم کارێکی باش کراوە.

*** لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنە هونەریانەدا کەچی بە پێچەوانەوە هونەرمەند نەریمان عومەر لە بوارەکەدا کاڵ بۆتەوە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- چەندین کەس ئەم پرسیارەیان ئاراستە کردوومەتەوە، دیارە چوونم بۆ ئەوروپا وایکرد کەوا لە هونەر دوور بکەومەوە خەریکی بژێوی ژیانی رۆژانەی خۆم بم، بەڵام هونەر هەمیشە خەونی نەریمان عومەرەو دایمە لە ناخمدا وجودی هەیە، هونەر تازە ئاوێتەی خوێنم بووە، لە تاراوگە بەشداری زۆرێك لە بۆنەکانم کردووەو وجوودی خۆم سەلماندووە.

*** لە تاراوگە چۆن ژیانی خۆت دەگوزەرێنی؟**

- لە کارگەیەکی تاراوگەدا سەرقاڵی کاری شۆفێریم بۆ بەڕێکردنی بژێووی ژیانم.

*** پرۆژە و بەنامەی هونەریتان چییە؟**

- لە راستیدا ئەمجارە هاتوومەتەوە بە مەبەستی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێك کەوا خۆی لە (٨) گۆرانیدا دەبینێتەوە، بە نیازم هەوڵی تەواوکردنی کارەکان بدەم، هەرچەند کاتی گەڕانەوەم نزیك بۆتەوە، کارەهونەرییەکانی ئەم ئەلبوومە لای کاك کارزان کامیل ئەنجام دەدرێت، ئاوازەکانی ئەم بەرهەمە یەکێکیان فولکلۆرییە و لە ئاوازەکانی هونەرمەند سەید محەمەدی سەفایی-یە، هۆنراوەی کاك یاسین حوسێن-ە، بەرهەمەکانی تریش زۆربەیان ئاواز و هۆنراوەی خۆمن، یەکێك لە گۆرانییە کۆنەکانیشم بەشێوەیەکی نۆی گوتۆتەوە، ئەوەی شایانی ئاماژە بۆ کردنە چوار گۆرانی بە ریتمی هەڵپەڕکێ و چوار گۆرانی ریتمی خاوە، ئەم کارەم لەگەڵ کارەکانی پێشوومدا جیاوازی هەیە لە رووی تەکنیکی کاری هونەرییەوە.

*** نیازتان هەیە بە یەکجاری بگەڕێنەوە کوردستان؟**

- بە نیاز نیم و بڕیارم نەداوە بە یەکجاری بێمەوە کوردستان.




**بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی**
**بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :**
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com